## خۆشەویستیی لە هەنبەر سرووشت

یەك لە ئارەزووە مەزنەکانی مرۆڤی سەر ئەم هەردە گەڕانەوە بۆ داوێنی سرووشتە. بەشێکی زۆری مرۆڤی ئەمڕۆیی یاخود لای کەم دانیشتوانی شارە گەورەکان بەهۆی لایەنە نەرێنییەکانی ژیانی مودێرن ماندوون و خەریکی دۆزینەوەی مودێلێکی ژیانن بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ژیانی سرووشتی. "سرووشت" بە باش دادەنرێ، دەرئەنجامەکانی زانستیی (بە تایبەت لە بواری کیمیایی و بیرکاریی) بە ناسرووشتی یا لەویش خراپتر بە چێکراو لە ئەژمار دێنن و زۆربەی مرۆڤ گومانیان تێدا پەیدا بووە.

ئەگەر مرۆڤی سەر ئەم هەردە داواکاریی و تامەزرۆییان بۆ سرووشت هەبێ، ڕەنگە وەك فانتازیایەك بیر لە ژیان لەژێر چارداخێکی ناو لێرەوار یاخود لەسەر چیمەنێکی سەوز و پان و بەرین بکەنەوە. باڵندە لەسەر دارەکان بخوێنن، دووکەڵی کوورە لە قوڵە کوورەی سەر سەربانانەوە بەرەو ئاسمان لوول بخواتەوە. بە ئاگرێکی سروشتیی، کێشتی بە تام و بۆن سازکەن ، چەند مریشك و کەڵەباب لە حەوشەی ماڵەکە خەریکی خوادنی دانەوێڵە بن و هەموو ڕۆژێك مریشکەکان هێلکەی تازە بکەن، لە پەنایەکەوە بزنێکی چاو زیت خەریکی لێستنەوەی دارێك بێ. ئێوارانە کاتێ وردە وردە هەوا تاریك دەبێ، بە ڕۆشنایی مۆمیك ناو ماڵ ڕووناك بکرێ و لە پێنجێرەکانەوە سۆڵە سۆڵی مۆمەکە لە دوورەوە بدرەوشێتەوە و ...

لە ناو تاقمێك مرۆڤی سەر زەویدا ئەو بۆچوونە لە ئارادایە کە مرۆڤی ئاسایی و نەزانی سەدەمی کۆن هەڵس و کەوتی باشتریان لە هەنبەر سرووشت بووە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی مودێرنی ئەمڕۆیی. هەروەها دەڵێن مرۆڤی سەردەمی کۆن خۆشەویستیان بۆ ژیانی مرۆڤ لە داوێنی سروشتدا بووە، ڕیزیان لەهەنبەر سرووشت گرتووە، کانزاسرووشتیەکانیان لە ناو نەبردووە، ژینگە و سرووشتیان خاوێن ڕاگرتووە و پیس و پڵۆخیان نەکردووە و بە بێ هۆ بوونەوەریتریان

نەکوشتووە و توونایان نەکردووە. بەڵام زۆر کەم لەو خەڵکە ئاساییانە، هۆزە سەرەتاییانە یا ئەو گرووپە مرۆڤانە توانیویانە وەچەی خۆیان پەرە پێ بدەن. بۆچوونێکی ئەوتۆ لەسەر خەڵکانی کەوەن ڕەنگە تەنیا پەیوەندایەتی بە داب و نەریت و تایبەتمەندیی خودی مرۆڤەوە هەبێ کە بەردەوام شتی کۆن و ڕووداوەی ڕابردوویان پێ باشترە لە هی نوێ. هەرچەند کۆنتر و قەدیمیتر بێ، بەو ڕادەیەش لایان پیرۆزتر و بە ئەرزشتر دەبێ.

مرۆڤی ڕابردوو کەمتر بیریان لە داهاتوویان کردۆتەوە. مرۆڤی سەردەمی بەرد تەنیا ئەوندە ئاژەڵیان ڕاو کردووە کە لە تواناییان دابووە. ئەگەر بۆ وێنە ناچار بە تێپەڕبوون لە دۆڵێك کرابایەن، بۆ تێپەڕبوونیان گاڕانێك ئاژەڵیان لەناودەبرد، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەویکە زۆربەی گۆشتی ئەو ئاژەڵانە دەگەنخان و فڕێ دەدران. ئەو داب و نەریتە تا ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە و مرۆڤ بەردەوام زیاتر لە پێویستی خۆی بەرهەم دێنێ.

مرۆڤی کەوەن دیارە تەنیا هێندە داری شکاندووە کە بۆ سووتەمەنی و گەرم ڕاگرتنی خۆی و بنەماڵەکەی پێویستی پێ هەبووبێ، بەڵام هیچکاتیش هەوڵی چاندنەوەی داری نوێی نەداوە. تەماح و عادەتی دەکارهێنانی زیاتر لە پێویست بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەردەوام هاوڕێی ڕێگای بووە و هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. هاوکاتیش ژمارەی ئەندامانی مرۆڤی سەر زەوی زیاتر و زیاتر بۆتەوە. کەوابوو مرۆڤی سەردەمی کۆنیش بە قەرا مرۆڤی ئەمڕۆیی خراپ یا چاك بوون و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبووە.

دیارە بەهۆی چوونە سەری حەشیمەتی سەر ئەم هەردە و بۆ تێرکردنیان ناچار بە دروستکردنی خواردەمەنی چێکراو کراون کە بەرماوەکەیان جیاوازی لەگەڵ ماکەی سرووشتی سەردەمی کۆن هەیە و بۆ توونا بوونیان ماوەیەکی زۆر دەخایێنێ. هەر ئەو کێشەیەشە کە بۆتە هۆی پیسکردنی ژینگە و لەهەر گۆشەیەکی ئەم دنیایە کێوێك لە ئاشغاڵ،

پلاستیك و ماكە كیمیاییەكانیتر قەڵاپەچین كراون. كە وا بوو دێینە سەر ئەو قەناعەتە كە عادەت و خووی مرۆڤ گۆڕانكاری بەسەردا نەهاتووە و تەنیا ژمارەی دەنیشتوانی زیاتر بووە:

- ساڵی ١٨٣٠ ژمارەی دانیشتوانی مرۆڤ لەسەر زەوی نیزیكەی یەك ملیارد مرۆڤ بووە.
- ساڵی ١٩٥٠ ژمارەیان بە دوو ملیارد گەییشت. لەو قۆناخەدا هێشتا هەوا بۆ هەناسەكێشان و جێگا بۆ ژیان نەكەوتبووە مەترسییەوە.
- ئێستا و ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتوانی مرۆڤ لەسەر زەوی بە زیاتر لە حەوت ملیارد مرۆڤ گەییوە. بە پێی كات دنیای مرۆڤ گورجتر، كەمتر و تەنگتر دەبێتەوە.

لەسەر ئارەزووی گەڕانەوە بۆ سرووشت ئەو پرسیارە دێتە پێش: دەبێ چەندە بگەڕێینەوە؟ بەو گورجییەی مرۆڤی پەرەسەندوو و شارستانییەتی ئەوڕۆیی لە ڕێ دایە، و ژیانی ئەمرۆی بە ناسرووشتی و هی پێشتری بە سرووشتی دادەنێ، ئایا دەتوانین بڵێین ئەو گەڕانەوەیە دەبێ سنووری لە كوێ بێ؟ ئەگەر بە شێوەی ڕادەیی بگەڕێنەوە بۆ داوێنی سرووشت ڕەنگە ئەو سەردەمەی پلانێتی زەوی تەنیا تۆپیكی ئاگرین بووە بە سروشتیترین قۆناخ دابنێین.

هەر قۆناخێكی ئەم ژیانە خۆی سرووشتییە و دەكری بە شێوازی دروست كەڵكی لێ وەربگیرترێ. ئەگەر لە "سرووشت" وەك هێزیكی بێ كارتێكەری مرۆڤی لێ تێبگەین، دەبێ هەر چەشن ئاژەڵێكی دەستەمۆكراو، هەر چەشن گیا و میوەی چێكراو و خواردەمەنی كوڵاو، بە ناسرووشتی دابنێین. هەروەها بە پێی پەرەسەندنی شارستانییەت دەبێ ئەو شتانەش بە ناسرووشتی دانبرێن: جل و بەرگ، شتومەكی پلاستیكی، شەڕاب، ئابجۆ، جگەرە، كاتژمێر، تلەفیزیۆن، میكرۆوێلە، سەیارە و ...

درێژەی هەیە ...